هەرێمی کوردستـــان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتـی دارایـی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردستـان - العراق
رئاسـة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٩٠٤ / ٢٧١٩ کوردی ڕێکەوت: / / ٢٠٢٠ زایینی ڕێکەوت: / /

# گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٧ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نە بەستراو بە وەزارەت

## ب / نوێ کردنەوەی بە کرێ گرتنی خانووبەرە

وەزارەتی دارایی و ئابووری
ژمارە ٥٥٥
٢٢ شباط ٢٠٢٠
هاتـــوو
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

پێتان رادەگەیەنین کەوا بۆ مەبەستی نوێ کردنەوەی گرێبەستی خانو و باڵاخانە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٠ پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :-

١- بۆ ئەو خانو و باڵاخانانەی کە بە رەزامەندی وەزارەتمان لە ساڵی /٢٠١٩ نوێ کردنەوەی گرێبەستیان بۆ ئەنجام دراوە ، نوێ کردنەوەی گرێبەستەکە بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٠ لە دەسەڵاتی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / خەرجییەکان دەبێت و پێویستە بە لیستێك سەرجەم خانو و باڵاخانە بەکرێ گیراوەکانی وەزارەتتان لە رێ ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتتانەوە بۆمان رەوانە بکرێت بە یەکجار لەگەڵ وێنەیەك لە رەزامەندی وەزارەتمان بۆ ساڵی دارایی /٢٠١٩ .

٢- مەرج نیە نوێ کردنەوەی گرێبەستەکان بە هەمان بڕی ساڵی رابردوو بێت ، وەزارەتمان دەسەڵاتدارە بە پێداچوونەوەی نرخی ئەو گرێبەستانە ، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٣- لە حاڵەتی گۆڕینی بەکرێ گرتنی خانووبەرە یان هێنانەکایەی فەرمانگەیەکی نوێ و بەکرێ گرتنی خانووبەرە بۆی ، پێویستە پێش وەختە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی وەزارەتمان و بە پێچەوانەوە وەزارەتمان پابەند نابێت بە رەزامەندی دان و خەرج کردنی کرێیەکەی .

٤- هەر خانوو یان باڵاخانە بە بێ رەزامەندی وەزارەتمان بە کرێ گیرابێت ، هیچ پابەندبوونێکی یاسایی و کارگێری و دارایی ناکەوێتە ئەستۆی وەزارەتمان .

٥- هەر گرێبەستێکی خانوو یان یەکەی نیشتەجێ بوون کە بۆ مەبەستی کەسی (شخصي) بەکاردێت پێویستە رەزامەندی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ وەربگیرێت.

٦- هیچ بە کرێ گرتنێکی نوێی خانو و باڵاخانە ئاڕاستەی وەزارەتمان نەکرێت جگە لە حاڵەتەکانی ئاماژە پێکراو لە خاڵی (٣)ی سەرەوە .

٧- ئەم گشتاندنە لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١ ەوە کاری پێ دەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری

وەزیری دارایی و ئابووری

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س- دیوان/ف- ك-کارگێری و دارایی..بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ چاودێری و پشکنینی دارایی .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ راگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر / (١و٢)ی سلێمانی / دهۆك / گەرمیان / سۆران/ڕاپەرین/ ئاکرێ / کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی /هەڵەبجە/ بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .